# نامەیەکی کراوە بۆ ڕای گشتی

**ئازادیخوازان........**

**پەرۆشانی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی .........**

لای هەموان ئاشکرایە لە پاش ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی خەڵکی کوردستان و نەمانی دەسەڵاتی بەعس هیوای ئاسۆیەکی باش بۆ ئایندەی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵك پەیدا بوو بە تایبەت لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی و سەندیکاکاندا.

شایەنی باسە لێپرسراوە باڵاکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتی هەرێم بۆنە نەبووە باس لە پەرۆشی خۆیان نەکەن لە هەوڵدان بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەڵی کوردەواری و پشتگیری لە ئازادی ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان .

مایەی نیگەرانی و جێی داخە، کە شەوی 2005/3/16 کاتێك کاك دکتۆر سەردار و هەندێ هاوڕێی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان ڕیزەکانی ئەم حزبەیان جێ هێشت وبوونە یەکێتی , هەر ئەو شەوەش ئاسایش دەستی گرت بەسەر بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی و ڕاگەیاندن و مەکتەبی ڕێکخستنی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان بە هەمان شێوەش دەستیان گرت بەسەر بارەگای هەردوو ڕێکخراوی بزاڤی ئافرەتانی کوردستان و ڕەوتی خوێندکار و لاوانی کوردستان و مومتەلەکاتەکانیان گواستەوە .

ئێمە وەك ڕێکخراوی بزاڤی ئافرەتانی کوردستان و ڕەوتی خوێندکار و لاوانی کوردستان لە تەك ئەوەی ئەم ڕەفتارە دژە دیموکراسییە مەحکوم دەکەین , داوا لە کۆمەڵانی خەڵك بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان و خوێندکاران وماموٚستایان دەکەین کە بێدەنگ نەبن وڕووی دەمیان لە سەرکردایەتی یەکێتیوبەرپرسانی ئیدارەی سلێمانی بکەن و خوازیاری گەڕانەوەی بارەگاکانمان و مومتەلەکاتەکانی بن.

ڕێگە نەدرێ لە ئایندەدا ئەم ڕەفتارە دژ بە هیچ ڕێکخراو و حزبێك دووبارە بێتەوە چونکە ئەوەی دژ بە ئێمە کرا سەرەتایەکی ترسناك و ناشرینە و دژ بە سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤە .

بژی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی

بەرقەراربێت کۆمەڵی مەدەنی

نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆری فکری و سیاسی

مەکتەبی سکرتاریەتی

ڕەوتی خوێندکار و لاوانی کوردستان

دەستەی باڵای

بزاڤی ئافرەتانی کوردستان